# ئاگرەکەی پرۆمیتیوس خامۆش نابێ

حەمید کەشکۆلی

تێکۆشانی ئینسان بە چەکی فکرو مەعریفەت لە پێناو رزگاربوون لە کۆتی ماتریالیزمی میکانیکی و خۆپەرستی و ژیانێکی ئازاد و بایەخدارتر و عەقلانیتر هەرگیز کۆتایی نایەت.
خەبات لە رێی ئازادییەکان و دیموکراسی و مافی ئینسان ، مانای خەباتە دژی سولتەی زۆرداران ، و ئەو کۆت و بەندە نادیارە ی مرۆڤی کۆیلە کردوە و بە شیوەگەلی جۆراوجۆر خۆدەنوێنن .

هەر سولتەیەکیش مادام نوینەرایەتی چینێک یا توێژگەلێکی تایبەت دەکا ، وەک دیاردەیەکی تەبیعی ، قابیلی فەساد و فاسدکردن و بۆگەنییە . فەرمانرەوایانی هەلبژێردراوی گەلیش ، پلە و پایەیەکانیان غەرریان دەکا ،چونکە نەفسی بەشەری لاواز ە ، و هەروەهاش زوو مەسئولیەتی خۆیان لە راست ئازادی پەیڤی ئازاد و پرۆسەی دیموکراسی لە بیریان دەچێت ، ریسمەی توغیانی و زۆرداری دەپسینن و ئیتر شتێکی ئەخلاقی یا قانونی نابینن لێێ بسلەمیننەوە . ئەزموونی تاریخیی ئینسانییەتی متمدن فێری کردین دیموکراسی و مافی ئینسان کلیتی کار و پێشکەوتنن.

نمونەی بەرزی ئەم بوارە سوکرات ، ئەفلاتون ، برونو ، ڤولتێر ، باین ، جیفرسون و توریلد بوە و هەیە .
بەلگە مەزنەکەی " ماگنا چارتا" و راگەیاندنی سەربەخۆیی ، مافەکان ، و کونفینسیونی نەتەوە یەگکرتوەکان بۆ مافی مرۆڤ ، و ریکەوتنامەی مافی زارۆکان نموونەگەلی دەکومێنتگەلیکن بەشەر کەمە کەمە نوسیونی ، چونکە پەرەسەندن و پێشکەتنی کۆمەل پێویستی پێی بووە. هاوکاتیش بەلگەی ئەوەیە کە ئینسان ئاواتەخەوازی ژیانێکی باشتر و عەقلانیترە بۆ خۆی و نەوەکانی و هەولیشی بۆ دەدات.
پرۆمیتیوس نمونەیەکی هەرە دلگیری ئەم تێکۆشانە ئەبەدییەیە .. کۆت و بەند کراوە لەسەر گابەردێک لو قوقازدا ، زیوسی خوداوەند سزای دەدا لە تۆلەی دزینی ئاگری خوداکان ، و بەخشینی بە بەشەر. لە ئوستورە کۆنەکاندا ئینسان خەون دەبینی خۆی رزگار کردوە لە سولتەی زۆرداران ، و بە ژیانێکی ئاسودە و ئازاد شاد بووە.

خەون بینین بە ژیلنچکی باشتر کۆنە ئەوندەی ئینسان خۆی. بە پێیی میتولوجیای گریکی پرۆمیتیوس ئینسانی لە خاک خەلق کردوە . زیوسی خوداگەورە هەستی بە مەترسی لەم مەخلوقە زیرەک و بەهرەمەند و ئازایە کردوە. زیوس هەول دەدا ئسنسان ێەرە نەستێنێ ، و لەبەر هەندیش ئاگری لێ دەشارێتەوە. پرۆمیتیوس بە دزییەوە بۆ سەر چیای ئۆلومپ سەردەکەوێ ، چەند پشکۆیەکی دەخاتە توێی پێستس بنجکیک ، و بۆی دادەبەزێ و ئاگر دەگەیینێ بە بەشەر تاکو بتوانن خشت و کارپوچ لە کورەدا دروست بکەن و خانو ئاوەدان بکەن ، و هەروەهاش بە هۆی ئاگرەوە توانییان جۆرەهای مهعدن بەکار بێنن ، و ێەروەردەی ئاژەل بدەن و بەلەم و کەلەک بسازنن و هەروەهاش ژمارتن و و نووسین فیر بوون.

بە بێ ئەم ئاگرە بە هیچ کلوچیک کۆمەلی مرۆڤایەتی وا سەرسورمانانە پەرەی نەدەسەند ، و لەبەر ئەوەش زیوس شێت و هار بوو ، و فەرمانی دا پرومیتیوس لەبەر ئەم خیانەتە گەورەیە قورسترین سزا بدرێ ، بە بەستنی بە سەر زنارێکی لە لوتکەی چیایەکی بەرزی چەتوون و هەرە سەخت و چۆل و هۆل و دوورەدەست لە ناوچەی قوقاز . ئەنجامدانی ئەم کارە بە " هیفایستوس " ی خودای ئاگر و ئاسنگەری سپێنرا ، ئەوەش بە نابەدلی ئەنجامی ئەم سزایە دەدا ، چونکە پرۆمیتیوس زۆر حورمەتی هەبوو لە کنە وی و خەلکی تر.
لە ئوستورەکانەوە بۆمان دەردەکەوێ کە لەوێشدا کارمەند و و فەرمانبەر ( بەشەر) لە جێبەجێ کردنی فەرمانەکانی خوداکان خۆیان دزیوەتەوە و سەرپێچیان کردوە ، دروست وەکو رۆژگاری مە.
هەلۆیەک هەمو رۆژێک دێت لە جەرگی پرۆمیتیوسی کۆتکراو دەخوا و دەدرێ . جەرگەکەی شەوانە شین دەبێتەوە و وەکو خۆی لێ دێ، ئەم ئەشکەنجە گەورەیە هەزاران سال بەردەمام دەبێ ، چونکە ێرۆمیتیوس وەکو خوداوەندەکانی دیکە جاویدان بووە.

لە شانۆی ئایخولوس بە ناوی " پرۆمیتیوسی کۆتکراو" ئەم دێوە مەزنە لە ئازار دەناڵێنی و هاوار دەکا:
ئەی ئاسمانی موقەددەس ، ئەی شنە باڵدارە خێراکان!
سەرچاوەی روبارەکان ! ، و دەریا بەرینەکان ئەوانەی بە شەپۆلەکانتانەوە دەبرسکێن !
ئەی سەرزەمینی دایکەکەمان ، گلێنەی چاوی جیهان ،
هەی رۆژ ، بانگتان دەکەم :
ببینن ، ئەمنی خوداوەند چۆن بە تۆڵەی ئالیهەکانەوە دەناڵێنم .
بروانن ! چ برینیکە برینەکەم ، لە چ مەزەللەتێکم بە هۆی ئەم دەردە گرانە ی هەزاران سالان درێژەی دەبێ .
ئەم سولتانە تازە تاج بەسە نراوەی بەسەر شەعبی ئۆلومپ منی بە گوریسی تەحقیر پەتکردوە.
ئەی هاوار ! هاوارە ! سنگم بە ئاستەم نەفەس دەدا بەم حالە ناهەموارە .
کەنگێ ئەم دەردە تەواو دەبێ ، ئەو دەردەی قەدەر و بەختم بۆی نووسیم؟
پرۆمیتیوس هێشتاش لەگەڵماندا دەژی ، و هەر وەک جاران ، دەناڵێنی ، بەلام لە دەست ئالیهەکانی ئۆلومپ ، بەلکو بەدەست خوداوەندەکانی زەمانە ، سولتانەکانی ئەم دنیایەمان.
لە هەر کەسێکدا حازرە ، هیوایەکە ، ئاواتە ، و یاخیبوونە لە فەرمانرەوایانی چاوچنۆک ، و حاکمانی فاسد ، و نامرێ تاچەندی تێکۆشان بەردەوامە لە پێناو نوور و عەقل ە مەعنا .

ئەورۆ چەند پرۆمیتیوس دەناڵێنن و رێگەیان لێ دەگرێ تا بۆ کۆمەلی ئینسانی رۆناکایی نەهینن؟ چەند پرۆمیتیوس جەرگیان دارزیاوە ، خوداوەنداوانی سەردەم سزایان داون لەبەر دزینی ئاگر ، یان هەولدان بۆ دزینی ؟

پرۆمیتیوس زەرورە بۆ وجودی بوشەری و جەمال ، بە بێ وی چراکانی کومەلانی ئینسانی خامۆش دەبن، تاریکی بالی بەسەر ولاتاندا دەکێشێ ، بە بێ پرۆمیتیوس بەها ئینسانییەکان پوچ و بۆکەن دەبن، و ئەرەسەندنی بەشەری لە رەقسی بە دەوری گۆرەکەی زێرین و کرنوش بردن بۆ ئاغاکان واوەتر تێپەر ناکا. بە بێ وی بە دواوە دەگەرێینەوە ، بو قۆناخەکانی تاریکی ، و کارەساتی خراێتر بەسەرمان دێت ، و نائومید و هیوابراو لە بەردەم نەهانەتی و بەدبەختی دەمێنینەوە.

دەبا ئاگرەکەی پرۆمیتیوس بەر ببێتە ناو هەر ئەشکەوتێک ، و قوژبنێکی تاریکی ئەم دنیایە. ئەم ئاگرە روحی ئینسانییەتە ، و بهها جوانەکانییەتی. بە بێ ئەم ئاگرە زانست و تەکنولۆژی دەبنە شەر و نەهامەتی بەسەر بەشەر ،و مەرگی ژەهراوی . ئەوە پرۆمیتیوسە هەمیشە ئاگادارمان دەکاتەوە کە زانست و مەعریفەت چەند پێشبکەوێت و بەرین و بەرز بێت ، هەر جەهالەت و کلۆلییە ئەگەر چاکەی لە کاکلەکەی نەبێ. گەواهی ئەم قسەیە لە زانستی مۆدیرندا دەبینن چۆن دەبتە داردەستی هێزەکانی رۆخینەری وێرانکاری شەرخواز ، و چۆن دەبتە کۆیلەی دۆلار و زێر و دینار. ئەگەر زانست لە سەر ئەساسی خێۆ و چاکە ی ئینسان راوەستابا ، چ زانایەکمان نەدەبینی لە کارگەی چەکی کیکیاوی و ئەتۆمی کاری بکردایا، و هیچ رۆشنبیرێکمان نەبیست لە حزمەتی تەستنیع خەربی رژیمیکی فاشیستی یا دەولەتێکی ئیمپریالیست بوایە . هەمو ئەم خراێەکارییە لە روحی مرۆڤەکاندا دێتە گۆرێ بەبێ ئاگایی پرۆمیتیوسی حازر لە هەر ئینسانێکی خێرخواز و شەرافەتمەند.

.